

# پێنج یاریزان تیپی دووەمی هەولێریان جێهێشت

دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی، کە یانەی هەولێر توانی پلەی دووەمی خولەکە بە دەست بهێنێ. دەرگای گواستنەوەی یاریزانان کرایەوە، بۆ ئەم مەبستە پێنج یاریزانی تیپی دووەمی یانەی هەولێر داوای رۆیشتنیان کرد و روویان کردە یانەکانی تر، دەستەی کارگێڕی بە رەزامەندی دەستەی راهێنەران بەفەرمی دەستبەرداربوونیان ئاراستەی یانە تازەکانیان کرد، یاریزانەکانیش بریتین لە (هێمن فوئاد) پەیوەندی بە یانەی برایەتی کرد و (رێکان دەرویش)

## ژوین سیروان یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر

# ئاستی یارییەکە لە کوردستان روو لە پێشکەوتن دەکات

**یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان لەسەر ئاستی کچان تا رادەیەک پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینەوە و چەند یاریزانێکی بەتوانا لەسەر ئاستی شاری هەولێر دەرکەوتووە و چاوەڕوانی دوا رۆژێکی گەشیان لێدەکرێت بە تایبەتی لە یانەی هەولێر، کە کۆمەڵە یاریزانێکی کچ-ی ئاست بەرز دەرکەوتووە یەکێک لەم یاریزانانە ژوین سیروان-ە، کە داهاتوویەکی باش چاوەڕوانی دەکات و بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

***سەرەتا خۆتمان پێ بناسێنە؟**

- ژوین سیروان قادر لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩ یاریزانی یانەی هەولێر و قوتابی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

*** چ یارییەك ئەنجام دەدەیت؟**

-یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر-م و تایبەتمەندم لە راکردنی ١٠٠م و ٢٠٠م.

*** چۆن هاتیە نێو یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

-هاتنم بۆ ئەم یارییە تا رادەیەك چاوەڕوانەکراو بوو و بیریشم لێنەکردبۆوە، بەڵام رۆژێك راهێنەری یانەکەمان مامۆستا رێبوار هاتە قوتابخانەکەمان و چەند کچە یاریزانێکی تاقیکردەوە و منیش یەکێك بووم لەم کچە یاریزانانە کە دەستنیشان کرام.

***هەستت بە چی کرد، کاتێك لە تاقیکردنەوە دەرچوویت؟**

-هەستم بەخۆشیەکی زۆر کرد، کە یانەیەکی گەورەی وەکو یانەی هەولێر من دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی لە ریزی یانەکە یاری بکەم، چونکە ئەمە خەونی هەموو یاریزانێکە لە گشت یارییەکان.

*** تا چەند هاوکاری دەکرێیت لە لایەن خانەوادەکەت؟**

-دەستخۆشی لە دایك و باوکم دەکەم، کە هاندەری سەرەکی منن و پاڵپشتیم دەکەم لە بەردەوام بوونم لە نێو بواری وەرزش و هەردەم بایەخم پێ دەدەن و هانم دەدەن ئەمەش گرنگە بۆ من، چونکە ئەگەر ماڵەوە بایەخ بە یاریزانی کچ بدەن ئەوە دەبێتە هۆکاری درووستبوونی پاڵەوان.

*** چۆن دەڕواینتە ئاستی وەرزش-ی ئافرەتان لە کوردستان؟**

- رۆژ بە رۆژ وەرزش-ی ئافرەتان لە کوردستان پێش دەکەوێت و کچ زیاتر روو لە وەرزش دەکات ئەمەش بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو جیاوازییەکی زۆری هەیە، چ لە رووی ئەنجام یاخود ژمارەی یاریزانانی کچ، بەڵام هەندێك



پەیوەنـــدی بە یانـــەی برایەتی کرد و (جڤان محەمەد) پەیوەنـــدی بە یانەی برایەتی کرد و (بـــارزان یوســـف) پەیوەندی بە یانەی هەندرێن کرد و (دیـــدار ئەحمەد). لە لێدوانێکیدا ســـەمیر بابۆ راهێنەری تیپی دووەمی یانەکە دڵگرانی خۆی نیشان دا وتی: ئێمە حەزمان دەکرد ئەم یاریزانانە لە وەرزی داهاتووش لەگەڵ ئێمە بەردەوام بن و لە ریزی یانەی هەولێر یاری بکەن، بەڵام یاریزانەکان داهاتووی خۆیان باشـــتر دەزانن بۆیە ئێمە رێگر نەبووین لە پەیوەندی کردنیان بە یانەکانی تر. لە درێژەی قســـەکانیدا سەمیر بابۆ وتی: زۆر سوپاسی ئەم یاریزانانە دەکەم، کە لە وەرزی رابردوو رۆڵێکی باڵایان هەبوو لە بە دەســـتهێنانی پلەی دووەم لە خولی کوردستان و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە یانە نوێیەکانیان.



گرفت هەیە دەبێت چارەسەر بکرێت.

*** گرفتەکان چییە؟**

- هەندێـــک گرفت هەیە ئەگەر چارەســـەر بکرێت ئەوە ئاســـتی وەرزش-ی ئافرەتـــان روو لە پێشـــکەوتنێکی گەورە دەکات ئەویـــش دابینکردنی هۆڵی داخراوی وەرزشـــی و هەروەها دروســـتکردنی چەند یاریگایەکی تایبەت بە یـــاری گۆرەپان و مەیـــدان و یارییەکانی تر و هەروەها پاڵپشـــتی کردنی وەرزشی ئافرەتان چ لە رووی پارە یاخود دابینکردنی کەلوپەلی وەرزشی.

*** تا چەند یانەکان پاڵپشتی وەرزش-ی ئافرەتان دەکەن؟**

- ئەوەی راســـتی بێت هەندێك یانە پاڵپشـــتیەکی زۆر لە وەرزش-ی ئافرەتان دەکات و هەموو شتێکی بۆ دابین دەکات، بۆ نموونە یانەی هەولێر هەردەم پاڵپشتی ئێمە بووە و گشت پێداویستیەکانی بۆ دابین کردووین و هەروەها ســـەرۆکی یانەکە د.عەبدوڵڵا مەجید هەردەم پشـــتگیری ئێمە بـــووە و لە دوای هـــەر پاڵەوانێتیەك هاوکاری کردووین، بـــەڵام هەندێك یانەش هەیە، کە تیپی کچان-ی تەنیا بۆ وەرگرتنی مینحە داناوە بۆ ئەوەی سوودمەند بێت.

*** چ بکرێـــت بۆ ئـــەوەی وەرزشـــی ئافرەتـــان زیاتر پێش بکەوێت؟**

- دەبێت لایەنە پێوەندارەکان خولی زیاتر لەسەر ئاستی ئافرەتان بکەنەوە و هەروەها خولی فێربوونی راهێنەرایەتی بۆ راهێنەرەکان بکەنەوە تاکو بە زانیاری نوێی مەشـــق بە یاریزانەکان بکەن و هەروەهـــا یانەکان دەبێت تیپی تازەپێگەیشـــتووان و لاوان دروستبکەن بۆ ئەوەی لە دوا رۆژ ئافرەتی کورد زیاتر پێش بکەوێت و ئەنجام بە دەستبهێنێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- دەستخۆشـــی لە راهێنەرەکەم مامۆســـتا رێبوار دەکەم، کە هۆکاری ســـەرەکی بوو بۆ گەیشتنم بەم ئاستە و هیوادارم یانەکان بایەخی زیاتر بە وەرزشی ئافرەتان بدەن و کردنەوەی پاڵەوانێتیەکان بەردەوام هەبێت بۆ ئەوەی رکابەری لە نێوان یانەکان و یاریزانەکان دروست بێت.

# دوای ٥٤ ساڵ ٨ یاریزانی بەرشلۆنە لە پێکهاتەی سەرەکی ئیسپانیا



لەیاریی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و نایجیریا لەیارییەکانی جامی کیشوەرەکان، ٨ لەیاریزانەکانی یانەی بەرشلۆنە لەپێکهاتەی سەرەکی لارۆخا بوون، ئەوەش بۆ یەکەمجارە لەیارییەکی فەرمی هەڵبژاردەی ئیسپانیا روودەدات لەدوای ٥٤ ساڵ، لەیارییەکەدا کە ئیسپانیا بەسێ گۆڵی بێ بەرامبەر سەرکەوتنی تۆمار کرد راهێنەر ڤیسینتی دیل بۆسکی هەریەك لەیاریزانانی بەرشلۆنە (ڤیکتۆر ڤاڵدێس، جیرارد پیکی، خوردی ئالبا، سێرجیۆ بۆسکێتس، ئەنیستا، سیسك فابریگاس، پیدرۆ رۆدرێگز) لە پێکهاتەی سەرەکی یارییان پێکرد و لەگەڵ هەردوو یاریزانی ریال مەدرید سێرجیۆ رامۆس و ئەلڤارۆ ئەربیلۆا و یاریزانی ڤالنسیا رۆبەرتۆ سۆلدادۆ.

ئیسپانیا لە رێکەوتی ١٩٥٩/١٠/١٤ بەبەشداریی ٨ یاریزانی بەرشلۆنە بەسێ گۆڵ لەهەڵبژاردەی پۆلەندای بردەوە، یاریزانانی ئەو کاتی بەرشلۆنە( رامالیتس، ئۆلیڤێلا، گارسیا، سیگارا، تیخادا، جینسا، کوبالا، لویس سوارێز) لەپێکهاتەی سەرەکی بوون شان بەشانی یاریزانانی دی ستیڤانۆ و خینتۆ و گارای.

## گواردیۆلا:

## من ئامادەم بۆ کارکردن لەگەڵ یانەی بایرەن میونشن



بەئامادەبوونی زیاتر لە ٢٥٠ رۆژنامەنووس و چەندین کەناڵی وەرزشی جیهانی یانەی بایرەن میونشن بەفەرمی راهێنەر پیب گواردیۆلای وەك راهێنەری تازەی یانەکەی باڤاریا پێشکەش بە دەزگاکانی راگەیاندن کرد بۆ ئەوەی شوێنی راهێنەری پێشوو بۆب هاینکس بگرێتەوە کە توانی هەرسێ نازناوی خول و جامی ئەڵمانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەیەك وەرز کۆبکاتەوە.

گواردیۆلا لەگۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: ئامادەبوونم لێرە و بیرکردنەوەکەی بایرەن میونشن وەك دیارییەکە بۆ من، من یانەی بایرەنم هەڵبژارد بەهۆی یاریزانەکانی و مێژووەکەی، چونکە ئەو یانەیە یەکێکە لەگەورەترین یانەکانی جیهان . هەروەها گواردیۆلا وتی من ئامادەم بۆ کارکردن، ئەوە تاقی کردنەوەیەکی تازەیە بۆ من لەبەرشلۆنە کاتەکان زۆر خۆش بوون، بەڵام من حەزم لەتاقی کردنەوەیەکی تازە بوو، بایرەن میونشن ئەو هەلەی پێدام، بۆیە ئەوەی لەتوانام دابێ پێشکەش دەکەم، دەمەوێ لەسەر هەمان ئاست بەرزی سەردەمی هاینکس بەردەوام بم. لەلایەن خۆیەوە کارل هاینز رۆمەنیگە جێگری سەرۆکی یانەی بایرەن میونشن گوتی: سەرکەوتنێکی گەورەیە کە باشترین راهێنەر لەگەڵ ئێمە بێت، هەموو تیپەکان دەیانوویست بۆندی لەگەڵ مۆربکەن، بایرەن گواردیۆلای ویست و گواردیۆلاش بایرەنی ویست ئەوەش چیرۆکێکی زۆر خۆشە بۆ یانەی بایرەن میونشن و تۆپی پێی ئەڵمانیا.

## سەرەڕای خۆپشاندانەکان.. مۆندیالی ٢٠١٤ لەبەرازیل ئەنجام دەدرێت


یەکێتیی تۆپــی پێی جیهانی فیفــا دووپاتیکردەوە هیچ پلانێك نییــە بۆ گواســتنەوەی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ لەوڵاتــی بەرازیل بۆ وڵاتێکی دیکە بەهۆی گرژیی باری سیاســی و خۆپیشاندانەکانی ئەم وڵاتە، جیرۆم فالکە ئەمینداری گشتیی فیفا رایگەیاند تا ئێســتا هیچ وڵاتێك ئامادەیی خۆی نیشــان نــەداوە لەجیاتــی بەرازیل میوانداریی مۆندیالی ٢٠١٤ بکات، فالکە گوتی: من بەدڵنیاییەوە دەڵێم یاریی کۆتایی مۆندیالــی ٢٠١٤ لەیاریــگای ماراکانا ئەنجــام دەدرێت و هیچ پلانێــك نییە بۆ گواســتنەوەی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ بۆ وڵاتێکی دیکە.

هەروەهــا فالکە ئەوەشــی راگەیاند وڵاتی بەرازیــل کارێکــی گــەورەی ئەنجــام داوە لەیاریگاکانی جامی کیشــوەرەکان و پێویستە ئــەم کارانەش لەیاریگاکانــی مۆندیال ئەنجام بدرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەلدۆ ریبیلۆ وەزیری وەرزشی بەرازیل وتی پێویســتە بەرازیل لەکارەکانی خۆی بــەردەوام بێت بۆ ئەوەی بەباشــترین شــێوە میوانداری مۆندیال بکەین.

## میسی....١٠ ملیۆن یۆرۆ باج دەدات

لیۆنیل میســی ئەســتێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشــلۆنە بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆ وەك باجی داهات دەداتە وڵاتی ئیسپانیا، رۆژنامەی لابانگواردیای ئیسپانی ئەم هەواڵەی دووپات کردەوە و رایگەیاند میسی و باوکی هەوڵ دەدەن کەیسی خۆدزینەوە لەپێدانی باج چارەســەربکەن. رۆژنامەکــە ئاماژەی بەوەش کرد میسی بەڵێنی داوە هەموو ئەو پارانە بدات کە پێویستە بیداتە باج لەوڵاتی ئیســپانیا بۆ ئەوەی هەموو کێشەکانیساڵانی ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩ چارەســەر بکات. دادگایەکی وڵاتی ئیســپانیا دەســتی بەلێکۆڵینەوە کردووە ســەبارەت بە خۆدزینەوەی میسی لەپێدانی باج لەســاڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٩، بۆ ئەم مەبەســتەش داوای لە میســی و باوکــی کردووە لەبــەردەم دادگا ئامادەبن لەمانگی ئەیلولی داهاتوو، بەپێی یاســا میسی ئەگەر تاوانبار بێت ئەوە بۆ ماوەی ٢تا ٦ ساڵ زیندانی دەکرێت.





# کچانی سیروانی نوێ بوونە پاڵەوانی شاری سلێمانی

لەهۆڵی فایەق قەسابی تایبەت بەیانەی سلێمانی کۆتای هات بەیاریەکانی خولی باسکەی کچانی یانەکانی شاری سلێمانی کە نووسینگ ەی ئافرەتانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بەهاوکاری لقی سلێمانی یەکێتی باسکەی کوردستان رێکی خستبوو.

لەیـاری کۆتایی خولەکەدا کچانی هەردوو یانەی سـیروانی نوێ و ئەفرۆدێت بەیەك گەیشـتن دوای یاریەکی بەهێز لەلایەن



# بۆکسێنی یانەی سلێمانی دەبێتە پاڵەوان

تیپی بۆکســێنی یانەی ســلێمانی توانی ببێتە پاڵەوانی یانەکانی ســنوری پارێزگای ســلێمانی ئەمــەش دوای رکابەریکردنــی لەگــەڵ هەریەك لەیانەکانی (ئاشتی، سەرچنار، شەهیدان، بازیان).

یاریەکانــی ئــەم پاڵەوانێتیە بەسەرپەرشــتی یەکێتی بۆکسێنی ســلێمانی بۆ ماوەی یەك رۆژ لەیانەی ئاشتی بەشــێوەی کراوە بۆ ئاســتەکانی تازەپێگەیشــتوانو لاوانو پێشکەوتووان بەرێوەچوو.

هەر لەم پاڵەوانێتیەدا ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی عێراقو دوو ئەندامی یەکێتی تیروکەوانی عێراق تێدا بەشداربوون.

# کاوە حەسۆ چـووە ریـزی پێشمەرگەی هەولێر

جێگـری ســەرۆکی یانەی پێشمەرگەی هەولێر رایگەیاند گرێبەستمان لەگەڵ گۆڵپارێزی بەتوانای رۆژئاوای کوردستان واژوو کرد.

نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی هەولێر زیاتر وتی بەمەبەســتی بەهێزکردنی پێکهاتــەی تیپــی تۆپی پێی یانەکەمــان بەباشــمان زانــی گرێبەســت لەگەڵ گۆل پارێز (کاوە ئەحمەد حەسـۆ ) واژوو بکەین.

عادل زیاتــر روونیکردەوە ئەم یاریزانە بۆ مــاوەی یەك وەرز لەگەڵ ئێمــەدا دەبێت هەروەها متمانەی تەواومان بە ئاســت بەرزی ناوبراو هەیە.

شایەنی ئاماژەیە پێشتر (کاوە حەسۆ ) لە یانەی جەیشی سوری و هەڵبژاردەی سوریاو چەندین یانەی گــەورە یاری کردووە وە بــۆ وەرزی رابردووش لــە خولی عێراق بو یانەی زاخۆ گۆڵپارێز بووە.



# ڕاهێنەری پایسکلسواری هەولێر ڕەخنە لە یەکێتی پایسکلسواری کوردستان دەگرێت

دوای ئەوەی لە شاری دهۆك ڕکابەرییەکانی قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتی پایسکلسواری کوردستان لەسەر ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان و قۆناغی دووەم لەسەر ئاستی کچان بەڕێوەچوو، ڕاهێنەری تیپی لاوانی پایسکلسواری هەولێر موسا موحسین ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی یەکێتی پایسکلسواری کوردستان کرد و پاڵەوانێتیەکەی بە ئاستێکی نزم وەسف کرد.

لە لێدوانێکیدا موسا موحسین ڕاهێنەری تیپی لاوانی پایسکلسواری هەولێر وتی: لە ساڵی ڕابردوو، کە پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی کوردستان بۆ لاوان و تازەپێگەیشتووان بەڕێوەچوو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە یانەکان بەشدارییان تیاییدا کردبوو و ئەوە زیاتر دڵی خۆشکردین، کە پاڵەوانێتیەکە بووە هۆکارێك، کە یانەکانی کوردستان لە پاڵەوانێتی عێراق ڕکابەری لەسەر نازناوەکە بکەن بەهۆی بەرزبوونی ئاستی یاریزانان، بەڵام بەداخەوە لەم وەرزدا ئاستی پاڵەوانێتیەکە زۆر دابەزییە، چونکە یانەکانی کوردستان بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە مینحەی یاری پایسکلسواری، کە برەکەی دەکاتە (٢) ملیون دینار، گشت یاریزانەکانی تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووان لە تیپی پێشکەوتووان یاری پێدەکەن ئەمەش لە ڕووی یاسا هەڵەیە و دەبێت یەکێتی پایسکلسواری کوردستان لەم بابەتە قسەی خۆی هەبوایە و ڕێگەی بەم کارە نەدەبوایە و ئەنجامەکەشی دابەزینی ئاستی پاڵەوانێتی کوردستان بوو لەم وەرزدا، چونکە لە پاڵەوانێتی کوردستان لەسەر ئاستی لاوان تەنیا ٣ یانە بەشداری کرد و لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان ٥ یانە بەشدارییان کرد.

لە درێژەی قسەکانیدا موسا موحسین وتی: داوا لە یەکێتی پایسکلسواری کوردستان دەکەم فشارێکی توند بخاتە سەر یانەکان بۆ بایەخ دان بە هەردوو تیپی لاوان و تازەپێگەیشتووان، چونکە ئەوان دوا ڕۆژی یاری پایسکلسواری-ن لە کوردستان و دەبێت بایەخیان پێبدرێت.





کچانی سیروانی نوێوە بەجیاوازیەکی زۆرو بەئەنجامی (٦٤-٤٠) خاڵ یاریەکەیان لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتای پێناو بوونە پاڵەوانی خولەکە.



# خولی جمناستیک تەواو بوو

لە شارۆچکەی بنەسڵاوە پاڵەوانێتی ناوەندە وەرزشیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ئەنجامدرا، کە تیاییدا بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان-ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دابوو.

لەم پاڵەوانێتییە چەندین ناوەندی وەرزش و لاوانی سەر بە پارێزگای هەولێر بەشداری تێدا کردبوو، ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێتە ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیە بوو.

١-ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر
٢- ناوەندی وەرزش و لاوانی بنەسڵاوە.
٣- ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە.